www.kurdistannet.org
27-8-2006 13:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فیۆدۆر دستۆفسکی 1821-1881 تویژینەوە لەمەڕ ژیان و ویژەکەی ... بەکوردی کردنی: خاڵەبەکر - بەشی یەکەم

bakeramin@hotmail. com



دستۆفسکی لەبنەڕەتدا سەر بەخانەوادەیەکی ڕەسەن و نەژاد زادەیە، ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم دا " ایفان ایرتیشافیتش" ی سەرداری ئەو سەردەمە لە گوندی "دوستویفۆ" پارچە زەویەکی پێ بەخشین و بەو هۆیەوە خانەوادەکەی بەنێوی ئەو گوندەوە ناسرانو"دستۆفسکی"یش ئەو نازناوەی پێوە لکێنرا.

دستۆفسکی لە 30 ی تشرینی یەکەمی 1821 خرایە نێو ئامێزی دایکیەوە، باوکی پزیشکێکی باوەڕدار بوو لەسەر هەمان ڕێچکەو پەیڕەو منداڵەکانی پەروەردە ئەکرد. ساڵی 1837 دستۆفسکی نارد بۆ "سان بترسبۆرگ" ی پایتەخت بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندی بکات بەخوێندنگای ئەندازیاری سەربازێوە، پێنج ساڵی ڕەبەقی لەو خوێندنگایە بەسەر برد تاوەکو پلەی ئەفسەری ئەندازیاری پێ بەخشرا، لێ ئەم پلەو پایەیە لەژیانی "دستۆفسکی" دا لەتەک هیواو خواست و ویستەکانیدا یەکیان نەدەگرتەوەو لەتەک هەست و نەستیدا یەکانگیر نەدەبوون، لەبەر هێندێ بڕیاریدا هەموو کاتەکانی خۆی بەخوێندنەوەی داهێنان و بەرهەمەکانی ئەدیبە خاوەن دەنگۆکانەوە خەریک بکات و بەسەر بەرێت، لەهەموشی گرنگتر ئەوەی کە خۆی پێوە سەرقاڵ کردو گاریگەریەکی ئەوتۆی لەلا بەجێ هێشت، ئەوە بوو لەئەدیبە ڕوسەکان "پۆشکین و گۆگڵ" بوو، وە لە ئەدیبە فەڕەنسایییەکانیش "هۆگۆو بلزاک و جۆرج ساند" بوون، وە لە ئەدیبە ئینگلیزەکانیش "دیکنز" بوو، وە لە ڕوانگەی کارتێکردن و کاریگەرێتی "گۆگۆڵ"وە بەسەر "دستۆفسکی" دا بەشێوەیەک بوو بە باو و کەوتەسەرزارانەوە دەگێڕنەوە، هەمیشە دستۆفسکی ووتویەتی"هەمومان لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵ-وە سەرمان دەرهێناوەو هاتوینەتە دەرێ، بۆ سەلماندنی ئەم کاریگەرێتیەش چیرۆکی"دووانە-المزدوج" تەواو هەڵهێنجراوی چیرۆکی "کەپو"ی "گۆگۆڵ"ە تەنانەت لەڕادەربڕینەکانیدا دەقاودەق هەندێ پەرەگرافی تێکهەڵکێشی چیرۆکەکەی کردوە.

دستۆفسکی بە هیچ شێوەیەک توانای نەما بەتەواوەتی لەسەر ئەرک و فەرمانە سەربازێەکەی چیتر بەردەوام بێت، ئەوەبوو لەساڵی 1844 دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندو نامەیەکیشی بۆ "میخائیل" ی برای نوسی (سوێندت بۆ دەخۆم کە بڕستم لێ بڕاوەو چیتر توانای بەردەوام بوونم نەماوە لەم کارەدا، ژیانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لەسەختی دەنێت و بەرگەی ناگرم، چ جای ئەوەی مرۆڤیش لە پێناوی هیچا ماندوێتی بچێژێت و ژیانی بەسەر بەرێت) ئەوە بوو دستۆفسکی دوابەدوای ئەم کاردانەوەیە خۆی بۆنووسین تەرخان کرد، یەکەم نۆبەرە نووسینیشی ڕۆمانی "المساکین- کەساسەکان" بوو کە بەتەواوەتی کاریگەرێتی ڕۆمانی "ئوجین غراندیە"ی " بلزاک"ی پێوە دیار بوو، پاشان " دستۆفسکی" کەوتە گرفت و گێژاوی ئەوەوە کەچۆن بتوانێت ئەم ڕۆمانە بڵاو بکاتەوە، لێ لەم بێنەو بەرەیەدا توشی بوو بەتوشی هاوڕێیەکی ڕۆژگاری تەلەبایەتیەوە، بەهۆی ئەویشەوە چەندانێک نووسەری خاوەن دەنگۆ و بلیمەت و لێ هاتووی ئەو دەمەی ناسی، خۆشبەختانە یەکێک لەو نووسەرانە هۆزانڤان "نیکراسۆف" بوو کەزۆر زۆر ڕۆمانەکەی پێ باش و پەسەند بوو، ئەویش لەڕیگای خۆیەوە نیشانی " بلینسکی" ڕەخنەوانی مەزنی واقیعی دا سەرەڕای ئەوەی بە چاوێکی ڕەخنەوانانەوە خوێندیەوەو هەڵی سەنگاند خۆشحاڵی و پەسەند بوونی خۆی سەبارەت بەڕۆمانەکە دەربڕی، تەنانەت بەشێوەیەک هاتە وەسفکردنی کەگوایە ئەم ڕۆمانە دەبێتە هۆکاری کردنەوەی کۆ گەلێک گرێ کوێرەی

کۆمەڵایەتی لە لای گەلی ڕوسیا کە لەوەو پێش توانای ئەوەیان نەبووە بە سانایی پەی پێ ببەن تاوەکو بتوانن لەو دەروازەیەوە ڕێگەچارەکان دەست نیشان بکەن، هەروەها لەمەڕ ڕۆمانەکەوە ووتی، ئەمە یەکەم هەوڵ و هەنگاوە سەبارەت بەنووسینی چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی لە ڕوسیادا بەم تەرزو شێوەیە. ئەم هەڵسەنگاندنە لەنێوەندەکەدا بوە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر "دستۆفسکی" یان بەدڵدا بچێت و لایان پەسەند بێت تاوەکو "بلینسکی" ڕووی تێکردو پێی گووت (ڕۆلە تۆ دەزانیت چیت نووسیوە؟تۆ بە پەیام و سەلیقەیەکی تایبەت بەخۆت ئەم ڕۆمانە هونەریەت داڕشتوە، ئایە پەییت بەم هەموو ڕاستیە ناشرین و قێزەونانە بردووە کە بەم چەشنە وێنەتگرتوون و لەبارەیانەوە دواویت و داتڕشتوون؟.. خەریکە دەکەومە بێنەو بەرەی ئەوەوە کە بڵێم مەحاڵە لاوێکی وەک تۆ لەو تەمەنەدا هەستی بەم هەموو کەموکوڕی و ناهەمواری و ناعەدالەتیە کردبێت، بۆ نموونە تۆ سەیری ئەو فەرمانبەرە بێدەسەلات و دەسەوەسانە بکە کەلەبارەیەوە ئەدوێیت، کە چۆن ئەو هەموو ساڵە بەنائومێدی بەدرێژایی تەمەن لە هەوڵ وکۆششدایەو هیچیشی نابێت بەهیچ؟ لەتەک ئەوەشدا هەرگیز بەیادیا نەهات و بڵێت بەخت یاوەرم نیە تا ئەو دەمەی کەساسی و ڕسوایی گەیاندیە ئەو بارو دۆخەی کە سکاڵۆکەیەک چیە نەیکات و بیر لەوە بکاتەوە گەر بێت و بیکات دەبێتە هۆی گەیاندنی زیان بەچارەنووس و ژیانی، وەیان تۆ سەیری چاکەتە بێ قۆپچەکەی بکە، وەیان ئەو هەڵوێستە قێزەونەی کەنواندی و دەستی خاوەن شکۆی تیا ماچ کرد، ئەمانە هەمووی بارودۆخی نالەبارو ترسناکن زۆر زۆریش ترسناکن ئەمانە هەمووی کەسەرو کارەسات و هەژمەتن (مإسات) تەنها تۆ توانای ئەوەت هەبووە ڕۆچیتە ناویەوەو بەهۆی قەڵەمەکەتەوە بیدرکێنیت، ئێمەمامانی ڕەخنەگر توانای ئەوەمان نیە بەم شێوەیە مشتێک بخەینە سەر خەروار، وەلێ توانای ئەوەمان هەیە هەوڵ بدەین بیرۆکەکەمان لەڕێی ووشەسازیەوە ڕاڤەبکەین و بیگەێنین، لێ تۆی هونەرمەند توانای ئەوەت هەیە ئەو بیرۆکەیەی کەلەلات گەڵاڵە بووە کارامانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەیان لەوێنەیەکی سەربەخۆدا بیگەێنیت، توانای ئەوەت هەیە بەشێوەیەک لەمەڕ بیرۆکەکەوە بدوێیت کە بمانخەیتە دۆخێکەوە لەتەکیا مامەڵە بکەین و ئاوێتەی ببین و هەست بە هەبوونی بکەین سەرەڕای ئەوەی کەساناترین خوێنەر بەگوێرەی هۆشمەندی خۆی یەکاو یەک و دەست بەجێ بەشێوەیەکی گشتی لێی تێبگات و هەستی پێ بکات.. نهێنی و ڕاستگۆیی هونەریش خۆی لە خۆیدا ئالێرەدا دەردەکەوێت کە هونەرمەند ڕاپێچ بکات لەپێناو پێشکەش کردن و گەیاندن و درکاندنی ڕاستیکاندا، وەلەسەر دەستی تۆی هونەرمەندیشەوە ڕاستێکان ڕوویان ڕادەماڵرێت و خۆیان دەخزێننە ناختەوەو دەیانکەیت بەدیاری.. ئیدی وا پێویست دەکات شانازی بەبەهرەکەتەوە بکەیت و دڵسۆزو بەوەفاو بەئەمەک بیت بەرامبەری.. ڕۆژێکیش دادێت ببیتە نووسەرێکی بلیمەت و لێوەشاوەی مەزن و خاوەن دەنگۆ.

گرنگیەکە لێرەدا ئەوەیە تاوەکو بزانیین ئەم ڕاو بۆچون و هەڵوەستەیەی" بلنسکی" تا چ ئاستێک کاریگەری کردە سەر"دستۆفسکی"، لەم بێنەوبەرەیەدا "دستۆفسکی" ووتی خۆم کەنار گیرکردو هەڵچون و داچونێکی دەرونی بێ شوماریش یەکانگیرم بوون، لەپێش پەنجەرەکەدا وەستام و نیگاکانم بڕیە ئاسمانی ساماڵ و لێی وورد بوومەوە.. وە لەقوڵایی ناخمەوە هەستم کرد لە بارودۆخێکی گەلێک گرنگ دا دەژیم وە بەهەل و مەرجێکی ئێجگار هەستیاردا تێدەپەڕم.. قۆناغێکم تێپەڕاندووە بەتەواوەتی قۆناغێکی نوێ دەگرمەبەر، سەرەڕای ئەوەی کە لەخەون و ئەندێشەیەکی گەلێک قولدا لەتەک ناخما دەدوام لەو ڕاوبۆچونانە زیاتر چیدیم بەخەیاڵدا نەدەهات، پاشان شەرمنانە لە ناخی کولاومم پرسی، تۆ بڵێی ئەوە من بم، هێندە مەزن بم.. پێویستە بۆئەو خەڵکەی بسەلمێنم کە شایستەو جێی ڕەزامەندیانم.

بەڕاستی نەمدەتوانی بەهیچ شێوەیەک ئەو ساتەوەختە سەرکەوتوانە لەیاد خۆم بەرمەوە، بەتایبەتی ئەو دەمانەی کە ئەندێشەم بەلایاندا کێشی دەکردم دەبوونە خۆشترین ساتەوەختەکانی ژیانم، لە هەموشی زیاتر ئەو دەمەی کە حوکم ودوورخراوە بووم و لەزیندانا دەمنالاندو ئەرک و کارو فەرمانی سەختم جێ بە جی دەکرد ئەو یادەوەری و ساتەوەختانە هێزێکی بێ هاوتایان دەبەخشیە ڕۆحم و دەبوونەیارمەتی دەری ئەوەی کە ئازارەکانم هێورکەنەوەو بەرگەیان بگرم.
لەگەڵ ئەمەشدا پێش وەخت"دستۆفسکی" ئەندامێکی کاراو هەمیشەیی کۆڕو کۆبونەوە وێژەیییەکانی "بلینسکی" بوو، لێ هێندەی نەخایاند خۆی خزانە نێو گروپێکی ئاژاوە گێڕەوە بەڕێبەرایەتی"بترۆشفکی" پاشان ئاشکرا بوون و دەستگیرکران و حوکمی لەسێدارەدان بەسەر زۆرینەیاندا سەپێنرا، پاشان لەدوا ساتەکانی جێ بەجێکردنی حوکمەکەدا بۆیان گۆڕین بەزیندان لەتەک ئەنجامدانی کاروفەرمانی سەخت (اشغال شاقە) ئەم کاردانەوەیەش بەئێجگاری ناخی "دستۆفسکی" هەژاند بەشێوەیەک کە تا دواساتەکانی ژیانی پێوەی دەتلایەوەو یەکانگیری بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەڕۆمانی"دەبەنگ" دا-الابلە- لەسەر زاری "میشکین" ی سەردارداردا بەم چەشنە بدوێت: (ئەو دزو جەردەیەی گەرەکێتی کەسێک گۆشاوگۆش سەر ببڕێت، وەیان لەدارستانێکدا گەرەکی بێت بەهەر شێوەیەک بێت شەوێک تیرۆربکات.. ئەوا بێگومان ئەو کەسە تا دواساتەکانی ژیانی هەر بەو هیواو ئومێدەوە دەژی کەخۆی ڕزگاربکات، لەژیانیشدا زۆرمان لەو کەسانە بینی کەچەقۆ نرابووە سەر ملیان و هێشتا هەر بێ هیواو ئومێد نەبوون هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە کەمێک بەزەیی بخاتە نێودڵیانەوە، وەیان ڕابکات و خۆی لەچنگیان ڕزگار بکات، وەلێ لەکاتی سێدارەداندا لەپیاوەتیت دەخەن و هەموو هیواو ئومێدێکت لێ زەوت دەکەن کە دەیان جار لەمردنەکە بەئێش و ئازارترو سەختترە چونکەلەبەردەم جەلادو یەقینێکدای تواناى دەرباز بوون و خۆ ڕزگارکردنت نیە لەبەر هێندێ ئەو ئازارە لەخانەی ئەو ئازارانەدایە کە هاوتایان نیە. )
* * *
یەکەم نۆبەرە بەرهەمی"دستۆفسکی" ڕۆمانی "کەساسەکان" (المساکین) بوو لەساڵی 1845 دا، کە لەنێوەندی ڕەخنەوانان و خوێنەوارانا دەنگۆیەکی بێ هاوتای نایەوە، وە لەلای"بلینسکی" یش هەڵسەنگاندن و گرنگیەکی ئەوتۆی پێدرا لەبەر ئەوەی هێرش و ڕەخنەیەکی توندوتیژی دژ بە سیستەمی دەسەڵاتی قەیسەری تیا ڕەچاوکرد، وەهەروەها بەرگریەکی بێهودەو بەئەمەکی لەو مرۆڤە ژێردەستەو بێ مافانە کردبوو کە لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەیا دەیاننالاند، وەلێ هەندێک لەلێکۆڵەرەوەکان نکوڵیان لەوە نەدەکرد کە کاریگەری "گۆگۆڵ"بە تەواوی زاڵ بووە بەسەر داهێنان و بەرهەمە سەرەتاییەکانی "دستۆفسکی"دا، چونکە لێرەدا دەبینین پاڵەوانەکە"فارینکادوبروسیلوفا"ی کیژۆڵەی بێکەس و بێ پشت و پەنا بەهۆی کەوتنە نێو داوی " بیکۆف"ی دەرەبەگی ئافرەت بازی بێ ئابڕووەوە بەرەو ڕووی هەمان چارەنووسی تراژیدی دەبێتەوە، لەتەک ئەوەشدا دەبینین"ماکاردیفۆشکین" دەکەوێتە داوی خۆشەویستیەکی پاک و بێگەردی کیژۆڵەوەو ئالای نارەزایی جیاوازی چینایەتی بەرز دەکاتەوە، لێرەشدا "دستۆفسکی" بلیمەتی و هۆشمەندی خۆیمان بۆ دەردەخات کە چۆن و بە چ شێوەیەک پێش نەهێشتنی یاسای کۆیلایەتی ساڵی 1861 "فارینکا"ی بۆکردوینەتە نمونەترین ئافرەتی ژێردەستەو بێ ماف و بەش مەینەتی کۆمەڵگەی ڕوسیای قەیسەری.
وە لەساڵی 1846 دا "سستۆفسکی" ڕۆمانێکی تری بەناوی"المزدوج-دووانە" خستە بەر دیدی خوێنەران سەرتاپا ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانەش تەژی و لێوان لێو بوو لە دژایەتی کردن و نارەزایی دەربڕین بەرامبەر سیستەمودەسەڵاتێکی زۆرداری سەپێنراو بەسەر کۆمەڵگادا، پاڵەوانی چیرۆکەکەش خۆی لە "غۆلیادکین"دا دەبینیەوە کە فەرمانبەرێکی ساکاری خۆش مەشرەفی دووچاربووی نەخۆشی دەرونی

"دووكەرتی كەسایەتی-انفیّام الشخیّیە" بووبوو، كە لەواقیعە ناهەموارە سەپێنراوەكە یاخی بووبوو، لەتەک ئەوەشدا هەموو خواست و خولیاو ویستێكی ئەوە بوو كەببێتە كەسایەتیەكی خاوەن ئیمتیازو لەبارودۆخێكی دەوڵەمەندانەو هەبودا گوزەران بەسەر بەرێت، كۆتاییەكەشی تەشەنەكردن و كاریگەرێتی نەخۆشیە دەرونیەكەی بەرەو مردنی ڕاپێچ دەكات.. لێ ئەمرۆمانەو ڕۆمانی"بەرێز بروخارجین" لە 1846 دا، وەڕۆمانی "دڵی بێ هێز" لە1848 دا، وەڕۆمانی"شەوە سپێكان" لە1848 دا، وەڕۆمانی"نیتۆجكا نیزفانۆفا" لەساڵی 1849 دا لەڕوانگەی هەڵسەنگاندنی "بلینسكی" ڕەخنەوانی شۆڕشگێڕو دیموكرات خوازو هاوچەرخی "دستۆفسكی" جێی ڕەزامەندی نەبوون، چونكە پاڵەوانەكانی ئەم ڕۆمانانە لەبازنەی وون بوون و خۆویستی و شەرمنی و بێ جورئەتیدا دەخولانەوەو تەنها یاخیبونەكانیان لەناخی خۆیاندا جێی بگرەو بەردە بوون بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەرو سوودو بەخشش و گۆڕانكاریەک بەكۆمەڵگا بگەێنن، لەتەک ئەمەشدا ئەم دوو ڕۆمانەشی"هاوسەری هەتاهەتایی" ساڵی 1870 وە ڕۆمانی "شەیتانەكان" لەساڵی 1872دا "بلینسكی" هەمان ڕاوبۆجون و هەڵسەنگاندنی هەبوو بەرامبەریان.

لێ حوكم و دورخراوەیی و چێشتنی ئازاری جێ بەجێ كردنی كاروفەرمانی سەخت لەساڵەكانی چلەكاندا لەسیبریادا بوونە هۆكاری كودەتایەک بەسەر هزرو هۆشمەندی "دستۆفسكی"دا ئەوە بوو لەڕاڕایی فكرەوە خۆی لەكامڵ بوونی فكردا دیتەوە، چونكە لەو دەمەدا ئەو بیروڕایەی بەگەن كرد كەچارەسەرە تەوباویەكان ڕێگەچارەنین لەپێناو هێنانەدی چارەسەركردنی ئاستەنگەكانی سۆسیالیستی، لێ لەتەک ئەوەشدا مەیلی بەرەو بیرۆكەی شۆڕشگێڕێتی و ڕادیكاڵدا نەدەچوو، تاوەكو ململانێكەی یەكلاكردەوە و بەرە بەرە گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە ڕێگەچارە لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری و سەرفرازیدا هەر ڕێبازی مەسیحیەتە بەبێ ئەوەی ڕێچكەو ڕێبازو بڕواو خۆشەویستی خۆی بەرامبەر ژیان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی فەرامۆش و پشت گوێ بخات.

سەرتۆپ و گرنگترین بەرهەمی ئەدەبی و هونەری"دستۆفسكی" كەلەسیبریادا هێنایە بەرهەم ڕۆمانی"یادەوەریەكان لەماڵی مردوانەوە- مژكرات من بیوت الموتی" بوو، كەلەو بەرهەمەدا بلیمەتانە گشت ئێش و ئازارو ئەشكەنجەكانی زیندانیەكان و دوورخراوەكانی تیا بەرجەستەكردبوو (بێگومان مەبەستی لەماڵی مردوان سیبریایە) كە ساڵانێكی پڕ نەهامەتی ژیانی لەنێو كۆمەڵێ تاوانباروكەتنكەری نەگریسدا بەسەربرد، سەرەڕای ئەو ئێش و ئازارو زەبروزەنگەی كەلەژێر سایەو ڕەفتاری جەلادەكاندا دەیچێشت و دەینالاندو كاروفەرمانی سەختیشیان پێ جێ بەجێ دەكرد. كاكڵەی كارو ڕەنگدانەوەی بەسەربردنی ئەو ژیانەی كەلەیادەوەریەكانا نوسیوێتی بەم چەشنە لەبارەیەوە دەدوێت (كۆ گەلێ كەس، لەوێ دەیانگوزەراند كە لەژیانی ئاساییاندا زۆر جار برسێتی زەفەری پێ هێنابوون و بەرەو مردن ڕاپێچی كردبوون لەبەر هێندێ كۆیلایەتیان بەگەن نەكردو بەهەموو شێوەیەک بەرگریان لەژیان و ئازادی و سەرفرازی خۆیان كردبوو، لێ هەندێک كەسیشی لێ بوو كەبەهەوەس و بەمەبەست تاوان و كەتنیان كردبوو چونكە ژیانی زیندانیان پێ باشترو ڕەواتربوو لەبەر ئەوەی لەژیانی ئاساییاندا هەمیشە لەژێر كاردا نقەیان هاتووەو هیچیان بەهیچ نەكردووەو هەر لەبرسێتیدا نالاندویانەو لەژێر سایەی ئەوانیشدا هەر خاوەن كارو كارگەكان سوودمەند بوون و سەروەت و سامانیان كەڵەكە دەكرد، لەبەر ئەوە ئەشكەنجەو ژیانی زیندانیان پێ باشترو ئەهوەنتربوو، وەخۆیان ووتەنی هەرهیچ نەبێت نانەكەمان پێ دەدەن تاوەكو پێی بژین، لێ لەهەمووی مخابن تر ئەوە بوو هێزو تواناو بازوی ئەم هەموو گەنجە لەچوارچێوەی ئەم دیوارانەدا دەپوكێتەوە، لێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت كەئەم خەڵكانە خەڵكان و كەسانی ئاسایی نین كەهیچیان پێنەكرێت بەڵكو ئەمانە كەسانێكی ئازاو بەجەرگ

و خاوەن توانایەکی پۆلایین و جێی جۆش و خرۆشی گەلن و نامەردانە ترازاونەتە نێو کونجی زیندانەوەو ناشتوانین بەئاسانی دەستمان بکەونەوە.. ئایا کێ بەرپرسیاری ئەم نامەردییەیە؟هەڵوێست وغەزەب و هەژانی شۆڕشگێڕانەی"دستۆفسکی" لەیادەوەرێکاندا ئاشکراو ڕوون و ڕەوا بوو کەچۆن بەتوندی ناڕەزایی و دژایەتی خۆی بەرامبەر سیستەم و دەسەڵاتی نامرۆڤانەی قەیسەری هەڵرشتووە، لێ بەرای هەندێک ڕەخنەوانانەوە بەچەشنێکی کورت بینانەو ڕەشبینانە، بەبێ ئەوەی دەست نیشانی ڕێگەچارەکان و ئەڵتەرناتیف بکات.

تێبینی: لەدوا بەشدا دەست نیشانی سەرچاوە دەکەم.